## ڕێکخراوی ژنانی پەنابەری کوردستان و
## سەنتەری خۆرهەڵاتی ناوەڕاست بۆ مافەکانی ژنان

# یاداشتنامەی
# داواکاریەکانی ڕێکخراوەکانی ژنان لە بەریتانیا بۆ لەناو بردنی دیار دەی
# کوشتنی ژنان بە بەهانەی " شەرەف" لە کوردستان "

### گەیاندە دەست نوێنەری حکومەتی هەرێمی کوردستان لە بەریتانیا



ڕۆژی هەینی ڕێکەوتی 9 ی مایسی 2008 سەوسەن سەلیم – بەرێوەبەری ڕێکخراوی ژنانی پەنابەری کوردستان وە گۆنا سەعید – لێپرسراوی گەشە پێدان لە سەنتەری خۆرهەلاتی ناوەراست بۆ مافەکانی ژنان لە سەردانێکدا بۆ بارەگای نوێنەرایەتی حکومەتی هەرێمی کۆردستان لەگەڵ بەرێزان بەیان سامی عەبدول رەحمن – نوێنەری حکومەتی هەرێمی کوردستان لە بەریتانیا وە ڤیان سامی عەبدول رەحمن – یاریدەدەری نوێنەری حکومەتی هەرێم کۆبوونەوە و یاداشتنامەی داواکاریەکانی ڕێکخراوەکانی ژنان لە بەریتانیا بۆ لەناو بردنی د یار دەی کوشتنی ژنان بە بەهانەی " شەرەف" لە کوردستان بەرز کردەوە بۆ گەیاندنی بە بەرێزان نیچیرەڤان بەرزانی و عومەر فەتاح سەرۆك و جیگری سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان .

کۆبوونەوەکە ماوەی یەك سەعات و نیوی خایاند و تێیدا چەند خاڵی گرنگ باس کران سەبارەت بە دیاردەی دزێوی کوشتنی ژنانی کورد بە بەهانەی "شەرەف " لە ناوچەی ژێر دەسەڵاتی حکومەتی هەرێمدا. گرنگترینی ئەو خاڵانە بریتی بوون لە باسی باڵکێشانی دیاردەی کوشتنی ژنان بۆدەرەوەی کوردستان و لەم بارەیەوە هەردوو ڕێکخراوی ناوبراو باسیان لە ئەزموونی دوور و درێژی خۆیان کرد لە دە ساڵی رابردوودا لە یارمەتی دانی ژنانێك کە لە دەست توند و تیژی هەڵدێن و باسیان لە شێوەی مامەڵەی دەزگاکانی پۆلیس و ئەو گۆرانکاریانەی کە تا ئێستا لە تێگەیشتنیان و کارەکانیان روویداوە بە هۆی کاری ریکخراوەکانی ژنانەوە، کرد. هەروەها کۆبوەونەوەکە چووە سەر باس و هەڵسەنگاندنی ئەو هەوڵانەی تا ئێستا لە کوردستان دراون بۆ لەناو برنی ئەم دیاردەیە چ لە لایەن دەزگا دەوڵەتیەکان و پەرلەمانەوە بێت یان لە لایەن ڕێکخراوەکانی ژنان و ئین جی ئۆ کانەوە. باسێکی تر باسی پلانی ستراتیجی حکومەتی هەرێم بوو بۆ لەناو بردنی دیاردەی کوشتنی ژنان ، لەم بارەوە نوێنەرانی هەردوو ڕێکخراو پێیان لەسەر ئەوە داگرت کە لە ناوبردنی دیاردەی کوشتنی ژنان پێویستی بە ستراتیجیەکی هەمەلایەنە هەیە لە لایەن

حکومەتی هەرێمەوە کە تیایدا چەند هەنگاوی گەورە و هاوکاری زۆری لایەن و دام و دەزگا پەیوەندیدارەکان لە وانە پۆلیس و دادگا و میدیا و خوێندن و تەندروستی پێویستە تا کاریگەرانە کا ر بکات . لە هەمان کاتدا نوێنەرانی رێکخراوەکان جەختیان لەسەر چەند خاڵێکی سەرەکی کرد وەك هەنگاوی ئەساسی و سەرەتایی بۆ لەناوبردنی ئەم دیاردەیە لەوانە گۆرینی یاساکان و دەستووری پێشنیار کراوی حکومەت بە شێوەیەك کە یەکسانی نێوان ژن و پیاو بسەلمێنێ ، جیاکردنەوەی دین لە دەوڵەت ، راگەیاندنی سەروەری یاسا و قەدەغە کردنی مامەڵە و سوڵحی عەشایەری بە تایبەت مامەڵە کردن بە ژنانەوە.

لە کۆتایی کۆبوونەوەکەدا یاداشتنامەی هەردوو رێکخراوی ژنانی پەنابەر ی کوردستان و سەنتەری خۆرهەلاتی ناوەراست بۆ مافەکانی ژنان بۆ بەردەم بەرێز سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان نێچیرڤان بارزانی و بەرێز جێگری سەرۆکی حکومەتی هەرێم – عومەر فەتاح بە دەستی درانە دەست بەرێز نوێنەری حکومەتی هەرێم لە بەریتانیا بۆ گەیاندنیان .

نوێنەری حکومەتی هەرێمی کوردستان پەیمانی خۆی دووپات کردەوە بۆ گەیاند نی نامەکان بۆ جێگای مەبەست و هەوڵدان بۆ بە دەست هێنانی وەلامی داواکاریەکان لە زووترین کاتدا وە هەروەها پشتیوانی خۆی بۆ کارەکانی هەردوو رێکخراو و مەسەلەی ژنان دووپات کردەوە .

<u>لیستی داواکاریەکان کە لە نامەی ئاراستە کراو بۆ سەرۆکایەتی حکومەتی هەرێم بەرز کراوەتەوە بریتین لە :</u>

1. ڕاگەیاندنی ڕەسمی و یاسایی "کوشتنی ژنان لەژێر ناوی ناموس پەرستیدا" وەك تاوانێك کە سزاکەی هیچی کەمتر نییە لە سزای کوشتنی عەمدی هەر ئینسانێك . یاسا دەبێ هیچ بەهانەیەکی ئاینی و نەتەوەیی و داب و نەریتی خێڵەکی بەرەسمی نەناسێ بۆ کەمکردنەوەی سزا لەسەر تاوانباران .
2. کەیسەکانی کوشتنی ژنان بە بەهانەی پاراستنی شەرەف لە لایەن دادگاوە مامەڵەبکرێت و بڕیاری 59 ی ساڵی 2002 بەسەر تەواوی ئەوکەیسانەدا پیادەبکرێ. ڕێگا نەدرێت بەدەست تێوەردانی کەسان لەبەرەڕێوەچوونی حوکم ویاساکان لەم بارەوە .
3. ئەگەر کەس و کار شکایەت ناکەن ئەوا مودوعی عام و رێکخراوەکانی ژنان ڕێگەیان هەبێت کە مودەعی بن لەسەر تاوانبارانی کوشتنی ژنان .
4. ئەو کەسانەی کە دەست دەبەن بۆ تاوانەکانی کوشتن وئازاردانی ژنان، دوای سەلماندنی تاوانەکانیان لەدادگادا ، ناو و کەیسەکانیان و ئەنجامی حوکمی دادگابەسەریانەوە، بەوینە و دەنگەوە لەهەموو کەناڵەکانی راگەیاندندا بلاو بکرێتەوە.

5. مەکتەبی کۆمەڵایەتیەکان دەورێکی سەرەکی دەگێرن لە مانەوە و دەسەڵاتی سوڵحی عەشایەری . هەردوو مەکتەبی کۆمەڵایەتی حیزبەکان پێویستە هەڵوەشێنرێنەوە و سەروەری یاسا رابگەیەنرێت بە تایبەت لەو کێشانەی پەیوەندی بە ژنانەوە هەیە

6. یاسای دژی توندوتیژی بەرامبەربە ژنان دابنرێت و لە تەواوی دام و دەزگا دەوڵەتیەکاندا پیلانی ستراتیژی دانرێت بۆ بەرێوەبردن و پیادەکردنی ئەو یاسایە . لە بووارەکانی خوێندن و راگەیاندندا هوشیاری تەواو بڵاوبکرێتەوە سەبارەت بەم یاسایە .

7. یاسای یەکسانی ژن وپیاو لە هەموو بوارەکانی ئابوری وسیاسی وکۆمەڵایەتیدا بەخیرایی دەرچێت و بەعەمەلی کاری پێبکرێت بەرامبەر هەموو کەسێك بەبێلەبەرچاوگرتنی پلەوپایەی حزبی و دەسەڵاتی عەشیرەتی.

8. قەدەغەکردنی ئەو ووتاربێژی و مەنهەجی خویندن وپەروەردانە کە پاڵپێوەنەری داب ونەریتی دژی ژنانن وە دەبنە مایەی توندوتیژی بەرامبەر بەژنان و پێشێل کردنی مافەکانیان.

9. هەڵوەشاندنەوەی یاسای باری کەسێتی ئێستا و دانانی یاسایەك کە یەکسانی هەمەلایەنەی ژن وپیاو دابین بکات و لابردنی بەندی 7 لەدەستوری پیشنیارکراوی کوردستاندا.

10. بوونی بودجەی تایبەت بۆ بەرنامەی نەهێشتنی توندوتیژی بەرامبەر بەژنان و بوونی سیستەمی یارمەتیدانی قانونی و گرتنی محامی خۆرایی و ئۆفیسی ئامۆژگاری خۆرایی و کردنەوەی شێڵتەر لە هەموو شارو شارۆچکەکاندا بۆ ژنانێك کە رووبەروی توندوتیژی دەبنەوە.

11. پاراستنی سەلامەتی و دابین کردنی پشتیوانی مادی و مەعنەوەی پێویست بۆ ئەو ژنانەی کە لەدەست هەرەشەی کوشتن بە بەهانەی "شەرەف" رزگاریان دەبێت بۆ دەستپێکردنەوەی ژیانێکی سەربەخۆ و ئاسودە و دوور لە توند و تیژی .

12. لێپێچینەوە و بەدوادا چوونی کەیسی کوژرانی هەزاران ژن لەساڵی 1991 وە تا ئێستا .

13. کاری هاوبەش لەگەڵ ریکخراوەکانی ژنان لەبەریتانیا و لەگەڵ پۆلیسی بەریتانیا بۆ بەدواداچوونی ئەو کەیسانەی لەبەریتانیا یان کوردستان رویان داوە پەیوەندیان بە یەکەوە هەیە لەوانە کەیسی بەناز مەحموود و شەوبۆ عەلی .